# یەکگرتنەوەی هەردوئیدارەی سلێمانی وهەولێربەکۆمەڵێك مەرجەوە

**ئەبوبکر ئەحمەد سلێمان**

bahman@planet.nl



**ڕاگەیاندنی یەکخستنەوەی هەردوئیدارەکەی یەکێتی وپارتی ودامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتو کەبڕیاروایەلەئایندەیەکی نزیکدا پێك بهێندرێت ، هەرلەسەرەتاوەبەکۆمەڵێك شەرت وشەرایتی حیزبی دەستوپێی ئەوحکومەتەبەستراوە ، بەمەرجێك ئەم یەکگرتنەوەیە وەزارەتەکانی پێشمەرگە ، ناوخۆ ، داد ودارایی ناگرێتەوە ، بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە سەرۆکی هەرێمی کوردستان وسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەپارتی وجێگرەکانیشیان لەیەکێتی دەبێت ، سەرۆکی پارلەمان لەیەکێتی وجێگرەکەی لەپارتی دەبێت وتەنانەت ئاکتیڤ بونی بەڕێز کاك مسعودبارزانیش وەك سەرۆکی هەرێم لەگرەوی هەڵبژاردنەوەی بەڕێزمام جلال دایە بۆپۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق ، هەرەها بڕیاروایەبۆپێکهێنانی حکومەتی یەکگرتوی کوردستان بەڕێز کاك نێچیروان بارزانی وجێگرەکەی کەلەلایەن یەکێتی نیشتیمانی یەوەکاندید دەکرێت ، هەردوکیان بەیەکەوەلەلایەن پارلەمانەوەتەکلیف بکرێن بۆدامەزراندنی حکومەت ، بەم جۆرە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئازادوسەربەخۆنیەلەتەشکیل کردنی حکومەتەکەی خۆیداوەك ئەوەی کەلەسەرجەم وڵاتانی دیموکراسی داپەیڕەودەکرێت ، هەروەها پۆستی وەزارەتەکان لە17 وەزارەتەوە دەکرێن بە 27 وەزارەت ، بۆئەوەی کابینەی هەردوئیدارەکەبەسەرجەم وەزیروبەڕێوەبەرەگشتی یەکانەوە لەحکومەتی یەکگرتودا جێگایان بۆبکەنەوە ، بەم جۆرە دوئیدارەو دوحکومەتی کامل وشامل بەتەواوی پۆستەکانیانەوەلەهەردولالەناو ئەوحکومەتەدا کۆدەکرێنەوە ، هەروەهالەهەوڵی ئەوەشدان کە بەپێی بەرژەوەندی حیزبی هەردولا صلاحیەت ودەسەڵات لەتەواوی پۆستەکاندابۆجێگرەکانیش دیاری بکەن ، دەیانەوێت جێگرەکانیش بکەن بەڕێگرلەبەردەم دەسەڵاتی سەرجەم وەزیروسەرۆکی ئیدارەکانی ئەوحکومەتەداودەسەڵاتی جێگرەکانیش بەپێی ئەوڕێککەوتننامەیە یەکسان دەکرێت لەگەڵ دەسەڵاتی وەزیروسەرۆکی ئیدارەکان .**

**هەردوئیدراەکەی سلێمانی و هەولێر بەکاملی وەزارەت و دەسەڵاتی سەربەخۆیی خۆیانەوە لەناوحکومەتی یەکگرتوداکۆدەبنەوەبەبێ ئەوەی یەك تۆزلەدەسەڵاتی هیچ لایەکیان کەم بکرێتەوە ، ئەم یەکگرتنەوەیەزیاترلەهاوپەیمانی حیزبی دەچێت وئەم پرۆسەیەناتوانێت یاساوحکومەتێکی بەهێزوخاوەن دەسەلات وسیادەوسەربەخۆیی لەکوردستاندابچەسپێنێت ، دیسان هەردوحیزب بەشێوەی فیفتی فیفتی ولەشکڵێکی ئۆرگانیکی دوسەردادەیانەوێت ئیدارەکانیان ڕێکبخەنەوەو ناویشی لێ بنێن حکومەتی یەکگرتوی کوردستان ، بەبڕوای من ئەوهەموشەرت وشروتەبۆپێکهێنانی حکومەتی یەکگرتو نەك هەربەتەواوی پێچەوانەیەلەگەڵ پرنسیبەکانی دیموکراسی دا ، بەڵکوئەم حکومەتەڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی نایاسایی دەسەڵاتی میلیشیایی هەردوحیزب زیاتربەرجەستەدەکاتەوە ، ئەم حکومەتەڕۆژانەبێ موشکیلە نابێت وناتوانێت لەئاست بەرپرسیارێتی قۆناغی سیاسی ئەمڕۆی کوردستان و چارەنوسی خەڵکی کوردابێت ونابێتەجێگای متمانەوئومێدی خەڵك وناتوانێت بەڕادەی پێویست لەدەردومەینەتەکانی خەڵکی کوردستان کەم بکاتەوە .**

**زەمانەتی چەسپاندنی دەوڵەتی قانون وپرنسیبەکانی دیموکراسی لەکوردستان ، لەپێش هەموشتێکەوەلەگرەوی ئەوەدایە کەئایا هەردوحیزبی دەسەڵاتدار یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستان تاچەندوازیان لەسیاسەتی خۆسەپاندن ودەسەڵاتی فیفتی فیفتی هێناوە ، وەئایا ئەم دوحیزبەتاچەندگوێ لەئیرادەی سیاسی جەماوەری خەڵك دەگرن وپابەند ئەبن بەبنەماکانی دیموکراسی وئەنجامەکانی هەڵبژاردن وپاراستنی مافەکانی مرۆڤ .**

**لەڕابوردوشدائەم دوحیزبەبەڵێنی لەوجۆرەیان زۆربەخەڵك داوەوحکومەتی یەکگرتوشیان هەبوە ، بەڵام بەهۆی قبوڵ نەکردنی بنەماکانی دیموکراسی وداسەپاندن وڕەواج دان بەدەسەڵاتی میلیشیایی حیزبی لەپێناوباڵادەستی یەك بەسەرئەوی تردا ، ئەم دوحیزبەنەك هەرنەیان توانیوە حکومەتێکی شەریکی بەڕێوەبەرن بەڵکوبەدرێژایی مێژوویەکتریان پێ قبوڵ نەکراوەو نەیان توانیوەکێشەی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بەڕێگایەکی ئوسوڵی ودیموکراسی یانەیەکلایی بکەنەوە .**

**حیزبەدەسەلاتدارەکانی کوردستان ئەگەربەڕاستی دەیانەوێت دەست لە سیاسەتی خۆسەپاندن هەڵبگرن وبڕیاریان داوەکۆتایی بەدەسەڵاتی میلیشیایی خۆیان بهێنن ، وەئەگەرجددین لەپرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاو دامەزراندنی حکومەتی یاسا وداموەزگای شارستانی وچەسپاندنی**

**ئاشتی ڕاستەقینەلەکوردستان ، پێویستەلەپێش هەموشتێکەوە لانی کەم نیەتی خۆیان ساف بکەن وکۆمەڵێك هەنگاوی عەمەلی وسەرەتای هەڵبگرن بەئاڕاستەیەکی دروست وبەجۆرێك کەوتارو ڕەفەتارەکانیان بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن بەیەك .**

**1- پێویستەبەزوترین کات هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری وشەفاف لەکوردستان بکرێتەوەکەماوەی 14 ساڵە بەشێوەیەکی ناشەرعی ئیدارەی وڵات لەلایەن هەردوحیزبی دەسەڵاتدارەوەبەڕێوەدەچێت ، بەمەرجێك لەوهەڵبژاردنەدا پرنسیبەکانی دیموکراسی بەتەواوی ڕەچاوبکرێت ، ڕێگەنەدرێت بەهیچ لایەنێك بەر لەڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کورسی یەکانی پارلەمان دورلەپرەنسیبەکانی دیموکراسی لەنێوان دوحیزب یان چەندحیزبێك دابەش بکرێت وپێویستەهەمولایەك دەست لەسیاسەتی فیفتی فیفتی هەڵبگرن ، هەمولایەك گوێ ڕایەڵی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان بن وڕێزلەئەنجامەکانی هەڵبژاردن بگرن بەجۆرێك کەلایەنی سەرکەوتوبتوانێت بەشێوەیەکی سەربەخۆ و ئازادانەحکومەتی خۆی دامەزرێنێت .**

**2- پێویستەبەزوترین کات دەستوری هەرێمی فیدراڵی کوردستان بنوسرێتەوەوبەشێوەیەکی شەفاف وئازادانەودورلەتەزویروساختەکاری حیزبی ولەڕیفراندۆمێکی گشتی دا لەلایەن خەڵکی کوردستانەوەمصادەقەی لەسەربکرێت ، پێویستەئەودەستورەتەواوی مافەکانی خەڵکی کوردستان بەتاك وکۆمەڵ لەخۆبگرێت وئەرك ودەسەڵاتەکانی حکومەت بەڕۆشنی تێیدا وردبکرێتەوە ، بۆئەوەی هیچ حیزب ولایەنێك ئیترمافی ئەوەی نەبێت بەڕێگای نادیموکراسی یانەو فرت وفێڵی تەوافقاتی حیزبی وبەرژەوەندی فیفتی فیفتی دەسەڵاتی خۆی بەسەرخەڵکی کوردستاندابسەپێنێت .**

**3- ئەو یەکگرتنەوەی کەبڕیار وایەبکرێت پێویستەلەقۆناغی یەکەمداهەمو وەزارەتەکان بگرێتەوە ، لەپێش هەموشیانەوە وەزارەتەکانی پێشمەرگە ، ناوخۆ ، داد و دارایی ، لەبەرئەوەی ئەم چوار وەزارەتەبنەمای دەسەڵاتی ئەم دوحیزبەپێك دەهێنن وشەڕوئاشتی بەم 4 وەزارەتەدەکرێت ، حکومەتی یەکگرتوی ئایندەی کوردستان پێویستەبەپشت بەستن بەدەستوری پەسندکراو لەلایەن جەماوەری خەڵکی کوردستانەوە دەسەڵاتی میلیشیایی نەهێڵێت وداموەدزگای شارستانی ویاسایی لەکوردستان بچەسپێنێت ، ئەویش بەوە دەبێت هێزی پێشمەرگەوپۆلیس وئاسایش بکرێنەداموەدزگای گشتی ولەمولکداریێتی حیزبی ئازاد وسەربەخۆبکرێن ، بۆئەوەی ئەم دوحیزبەنەتوانن جارێکی دیکە بەشەڕ بێنەوە پێویستەتەواوی هێزەچەکدارەکان لەژێردەسەڵاتی حیزبەکان دەربهێندرێن وبەشێوەیەکی یاسایی بخرێنەژێرئیختیارودەسەڵاتی حکومەتەوە ، ئاخرلە چ گۆشەیەکی ئەم دنیاداهەیە حیزب خاوەنی سوپاو پۆلیس وئاسایشی وڵات بێت ؟؟ ، تائەم دوحیزبەخاوەنی هێزی چەکداری تایبەتی سەبەخۆیان بن بەزەبری زۆر دەسەڵاتی میلیشیایی خۆیان دەسەپێنن وگوێ بەئیرادەی سیاسی جەماوەری خەڵکی کوردستان نادەن .**

**4- پێویستەلەکوردستان پرنسیبەکانی دیموکراسی لەدروشم بازی ڕزگاری بێت ولەمەیدانی کردەوە وپراکتیزەدابیبێتەبنەماوڕوحێکی زیندولەناوجەستەی سەرجەم ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی حکومەتدا ، حیزبەدەسەڵاتدارەکانی کوردستان لەهەڵدانی ودروشمی ئازادی ودیموکراسی نمونەیان نیەلەدونیاداوداوالەسەرجەم وڵاتانی ناوچەکەدەکەن چاولەئەوان بکەن ، بەڵام هەمودیموکراسی یەکەی ئەوان بەرگەی ڕەخنەیەکی نەیارەکانیان ناگرێت وزیندانەئینفرادی وتاك سلولەکانیان پڕیەتی خەڵکانی نوسەروڕۆسنبیر ، پێویستەزیندانی نەهێنی وئینفرادی نەمێنێت ودادگاکان لەژێردەسەڵاتی حیزبی ڕەهابکرێن ولەسەرتاسەری کوردستاندا یاساسەربەخۆ وسەروەربێت .**

**ئەویەکگرتنەوەی کەحیزبەدەسەلاتدارەکان ڕایان گەیاندوە تەنهابەم جۆرەولەم ڕێگایەوە ئەتاونێت ئاشتی یەکی پایەدارلەکوردستان بچەسپێنێت وئایندەیەکی ڕۆشن وخۆشگوزەران بۆهەموان مسوەگەربکات ، هەربەم ڕێگایەش ئەتوانن ڕەگ وڕیشەی دیکتاتۆریەت ودەسەڵاتی میلیشیایی لەبن دەربهێنن وکۆتای بەمەترسی یەکانی سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆبهێنن .**